ئەپراسیۆنێکی گەورە لە بیابانەکانی نێوان نەینەوا و سەلاحەدین و ئەنبار دەستیپێکرد

ئەمڕۆ سەشەممە،حەشدی شەعبی ئەپراسیۆنێکی گەورەی لە بیابانەکانی نیوان نەینەوا و سەلاحەدین و ئەنبار ڕاگەیاند.

هێزەکانی حەشدی شەعبی لەڕاگەیەندراوەکدا بڕاویانکردەوە: "فەرماندەیی ئەپراسیۆنەکانی نەینەوا لە هێزەکانی حەشدی شەعبی ، بە هاوکاری سوپای عێراق، ئەپراسیۆنێکی گەورەیان لەسەر سەر میحوەر لە قوڵایی بیابانی گەورە ئەنجامدا کە لە نێوان پارێزگاکانی نەینەوا و سەلاحەدین و ئەنبار".

لەڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەکرا کە"ئەپراسیۆنەکە لیواکانی 21، 44، و 60ی هێزەکانی حەشدی شەعبی تەدایە، لەگەڵ لیواکانی فیرقەی 20ی سوپای عێراق، جگە لە ئەپراسیۆنەکان، هەواگری، ڕاگەیاندن، پێوەندییەکان، و بەشی یاریدەدەری هەواگری هێزەکانی حەشدی شەعبی ، هەروەها ئەندازیاری پزیشکی و سەربازی لە فەرماندەیی ئەپراسیۆنەکانی حەشدی شەعبی ".